## حوکمی مامەڵکردنی بازرگانی بەدراوی (One coin)وەن کۆین

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ....فَسْئَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ النحل : ٤٣
سوپاس و ستایش بۆ خودای جیهانیان ، درودو سلاو لە بەرێزترین پێغەمبەر و لەسەر خانەوادەی و یارانی و پەیڕەوانی ئەو بەچاکە تا رۆژی قیامەت .

لێژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی ئاساییی خۆی لە رۆژی پێنجشەمە بەرواری ٥/ ٤/ ٢٠١٨ لە بارەگای سەرەکی خۆی لە شاری هەولێر تیشکی خستە سەر بابەتی مامەڵە کردن بە دراوی ئەلەکترۆنی (وەن کۆین ) پاش ئەوەی کە پرسیاری ئاراستەکرا بوو لە لایەن هەندێك هاوولاتیانی بەڕێزی کوردستانەوە بە تایبەت بەرێز ( پ.د. خالد محمد صالح ) سەرۆکی ئینیستتیوتی ژیار بۆ پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆیی کە لە بەرواری ٢٠١٨/١/٦ بە نوسراوێکی فەرمی لە رێگەی ئیمەیلەوە، لێژنەکەمان پاش لێکۆڵینەوەی پێویست و تاوتوێ کردنی، بە کۆی دەنگ ئەم فەتوایەی لەو رووەوە دەرکرد:

١- مامەڵە کردن بەو دراوە ئەلەکترۆنیە و هاوشێوەکانی لە روانگەی فیقهی ئیسلامیەوە ئاڵۆز و یاساغ و نادروستە لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ- دراوێکی گریمانەییە (عملة إفتراضية) شەریعەتی ئیسلامیش مامەڵە کردنی بە دراوی گریمانەیی پێ دروست نییە.

ب - دراوێکی نا دیارە لە هەموو روویەکەوە، واتە: نارۆنی سەرچاوەی هەیە، چونکە لایەنی دەرکردنی دیار نییە، کەئەمەیش (غرر) ئاڵۆزی و نادیاری دروستدەکات، شەریعەتیش مامەڵەی نادیاری پێ دروست نییە.

ج - دراوە کە لەلایەن هیچ بۆرسەیەکی جیهانییەوە دانی پێدانەنراوە و مامەڵەی لەتەکدا نەکراوە، هەروەها متمانەی بانکە جیهانیەکانی نییە و هیچ بانکێکی باوەڕپێکراو لە جیهاندا متمانەی پێنەداوەو هیچ رەسیدێکی دیاریشی نییە، تەنها بەڵێندەدرێت بە بەکاربەکانی، ئاشکراشە بەڵێنی بە تەنها یش هیچ ئەرزشێکی نییە.

د. نەبوونی گرنتی فەرمی لە دەزگا ئابووریە پەیوەندیدارەکان،واتە: ئەم دراوە هیچ زەمانەتێکی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆی نییە، بۆیە: هەر پارەیەك لەو بوارەدا خەرج بکرێت بەرەو نادیار دەڕوات و وەك قومارکردن وایە .

هـ - نا روونە و هیچ سەرچاوەیەك یان نوسینگەیەك یان کۆمپانیایەکی ئابووری دیاری متمانە پێکراوی نییە، بە تایبەت لایەنی فرۆشیار نادیارە، نا دیاری لایەنی فرۆشیاریش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر دروست نەبوونی مامەڵەکە.

و - گومانی تری زۆری لە سەرە سەبارەت بە نەبوونی مەرجەکانی دروستی مامەڵەی گۆڕینەوە(الصرف) تیایدا.

٢- لە بازنەی هیچ مامەڵەیەکی شەرعیدا تا ئەم ساتە وەختە جێگەی نابێتەوە، بۆیە داواکارین لە هاونشتیمانیان کە خۆیان بە دوور بگرن لە مامەڵە کردنی بە دراوی ئەلەکترۆنی بەتایبەت وەنکۆین، چونکە وەك گوتمان هیچ پرانسیپێکی شەرعی نایگرێتەوە و دوورە لە مەرج و داڕشتەو یاسا شەرعییەکان.

٣ـ هەر کات هەل و مەرجەکان گۆڕان و توانرا دراوێکی ئەلەکترۆنی بە پێی مەرجە شەرعییەکان لە مامەڵە کردن بەرهەم بهێنرێت، دوور لە ساختەکاری و نادیاری و قورمارکاری و سپیکردنەوەی سامان و خواردنی ماڵی خەڵك بە ناڕەواو چەتە گەرایەتی و قەرسەنەکردن، هەروەها سەرچاوەیەکی دیاری متمانە پێکراوی نێودەوڵی پەیداکرد و لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی دەزگا ئابووریە پەیوەندیدارە جیهانیەکاندا بوو، وە لە کاتی فەوتاندا گرنتی قەرەبوونەوەی هەبوو ئەو کات لێژنەی فەتوای شرای تری دەبێت، چونکە گرفتەکە لە مامەڵەی بازرگانی ئەلەکترۆنیدا نییە، بەڵکو لە هەل و مەرج و داڕشتەکاندایە.

خودا یارمەتی دەری شەرعڕەوانە

لێژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

٢٠١٨/٤/٥

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان ـ أربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org